www.kurdistannet.org
16/07/2003 17:00

# بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کورد
# کامیان: لیژنەکەی سلێمانی یان لیژنەیەکی نێودەوڵەتی ریفراندۆم ئەنجام بدات؟

مەهدی ئەبوبەکر

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەونی هەموو کوردێکە، بەلاّم بەدیهێنانی ئەو خەونە لەچەند ساڵی رابردوودا رەنگە جگە لەخەیاڵ پلاّوی هیچی تر نەبووبێت، چونکە بارودۆخی سیاسی کورد لەپێش راپەڕین و دوایی راپەڕینیش هەرگیز ئەو بوارەی نەرەخساند کەبتوانرێت ئەو خەونە بکرێتە پرۆژەیەکی سیاسی و کاری لەسەر بکرێت، دوای کەوتنی سەدام و بەعەمەلی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عیراق، ئەو ئاواتەی کورد بوارێکی فراوانی لەبەردەمدا کراوەتەوە تابەئازادی گوزارشت لەخۆی بکات، چونکە:

*هەڕەشەکانی دووبارە داگیرکردنەوەی کوردستان، لەلایەن هێزە عەرەبەکانی سەر بەبەعس و سەدام حسینەوە نەماوە.

*دەوڵەتی عیراق لەبەریەک هەڵوەشاوەو هێزێکی عیراقی یەکگرتوو نییە کەبتوانێت رێگە لەدروستبوونی دەوڵەتی کورد بگرێت.

*ولاّتانی دراوسێی عیراق، بەتایبەتی تورکیا، ئێران و سوریا لەبارودۆخێکی بەهێزدانین تاوەکو جاران لەمپەری گەورە بخەنە بەردەم ئەو کارەوە.

*ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەگەر بەئاشکراش پاڵپشتی درو ستبوونی دەوڵەتی کوردی نەکات، ئەوا لەناخەوە دروستبوونی ئەو دەوڵەتەی لاچاکەو پیرۆزبایی لێدەکات.

ئەو هۆکارانەی کە باسکران، لەگەڵ دەیان هۆکاری سیاسی، ئابووری و رۆشنبیریدا هەلی دروستکردنی دەوڵەتیان بەتەواوی فەراهەم کردووە، هەر ئەو لێکدانەوەیەشە کە لەچەند رۆژی رابردوودا پاڵی بەژمارەیەک رووناکبیری کوردەوە نا تالیژنەیەک لەشاری سلێمانی دروستبکەن و لەرێگەی ئەو لیژنەیەوە، ریفراندۆمێکی جەماوەری سازبکەن بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی هاوولاّتیانی کورد لەبارەی دروستکردنی دەوڵەت و جیابوونەوە لەعیراق یاخود مانەوە لەناو عیراقدا لەچوارچێوەی یەکێتییەکی فیدراڵیدا وەربگرن.

دروستکردنی ئەو لیژنەیە لەم بارودۆخە سیاسییە نوێیەی ئەمڕۆی عیراق و کوردستاندا کارێکی جێگەی دەستخۆشی کردنەو لەکات و ساتی خۆیدایە، بەلاّم ناکرێت چاوپۆشی لەچەندین هەوڵەکەو کەموکوڕی نەکرێت کە لەئێستاوە بەدروستکردنی لیژنەکەوە دیارە کەدەتوانین ئاماژەیان بۆ بکەین:

*ئەو لیژنەیە هەرچەندە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکات، بەلاّم نەخشەی کارەکانی جێگە دەستی حزبێکی سیاسی پێوە دیارە کەئەوەش رەنگە لەداهاتووی کاری لیژنەکەدا کۆمەڵێک ئاستەنگی بۆ دروست بکات، بەتایبەتی لەلایەن حزبە سیاسییەکانی ترەوە، چونکە زۆربەی ئەندامانی ئەو لیژنەیە لەکەسانی سەر بەحزبێکی گەورە پێکهاتوون و ناوەندێکی رووناکبیری ئەو حزبە سەرپەرشتی دەکات.

*ئەو لیژنەیە بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ رووناکبیرانی شارەکانی تردا، تەنها لەشاری سلێمانی پێکهاتووەو رووناکبیرانی شارەکانی تر هیچ پرس و رایەکیان پێنەکراوە، تەنانەت بۆ کۆبوونەوەی (تداولی) کەلەهۆڵی سلێمانی گرێدرا کەسیان بانگهێشت نەکرابوون!

*ئەو لیژنەیە وەکو خۆیان ئاماژەیان بۆ کردووە، بەنیازە فۆرمێک بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا دابەش بکات، هەموو کوردێک کەتەمەنی لەسەروو ١٨ساڵییەوە بێت دەتوانێت بۆ تەنها جارێک پڕی بکاتەوەو لەنێوان مانەوە لەچوارچێوەی عیراق و دروستکردنی دەوڵەتدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەلاّم ئەو بەرنامەی کارە کەلیژنەکە بەنیازی ئەنجامدانیێتی لەدووسەرەوە هەڵەیە، یەکەم: ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی سەرتاسەری بەو شێوە بەرفراوانە لەتوانای لیژنەیەکی بەژمارە کەم و دەست کورتی رووناکبیراندا نییە، هەرچەندە حزبێکی سیاسیش پاڵپشتی ماددی و تەکنیکیان بکات، چونکە کوردستان بمانەوێ و نەمانەوێ دوو حکومەت و ناوچەی نفوزی دوو حزبە، ئەگەر ئەو راپرسییە لەناوچەی حزبی پاڵپشتی ریفراندۆمەکە بەئاسانی رایی بکرێت، ئەوا لەناوچەی حزبی بەرامبەردا، هەرگیز بەئاسانی ئەنجام نادرێت.

دووەم: ئەنجامەکانی ئەو راپرسییە ئەگەر لە ١٠٠% داوای جیابوونەوە بکات، بەڵام لەبەرئەوەی هێزێکی یاسایی (القوه القانونیه) ی نییە، ناتوانرێت بخرێتە واری جێبەجێکردنەوەو دەوڵەت رابگەیەندرێت.

لەبەرئەو کەموکورییانەی کە ئاماژەی پێکرا پێویستە ئەو لیژنەیە چەند چاککارییەکی تێدا بکرێت و پاشان بەرنامەی کارەکانی بگۆردرێت، بەجۆرێک ئەنجامدانی راپرسییەکە ئاسان بکات و دواتریش ئەنجامەکانی بتوانرێت بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بۆیە چەند پێشنیارێک دەخەمە بەردەم ئەو لیژنەیە تاوەکو پێش دەستپێکردنی کارەکانیان سوودی لێوەربگرن.

١–لیژنەکە پەیوەندی بەرووناکبیرانی شارەکانی ترەوەو دەرەوەی وڵاتەوە بکات و لەنێوان هەمووواندا دەستەیەکی سەرپەرشتیار دیاری بکەن.

٢–پەیوەندی بەهەردوو حکومەتەکەوە بکرێت هاوکاری ماددی و تەکنیکی بەدەست بهێنێت.

٣–لەپێناوی بەدەستهێنانی هێزی یاساییدا، ئەو لیژنەیە خودی حۆی ئەو ریفراندۆمە ئەنجام نەدات، بەڵکو ئەو لیژنەیە رۆڵ لەئامادەکردنی خەڵکی کوردستاندا بگێرێت بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانی هێمانانەو بەرزکردنەوەی یاداشت بۆ ئیدارەی مەدەنی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان، تائەوان لەرێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکی نێودەوڵەتییەوە ریفراندۆمێکی سەرتاسەری ئەنجام بدەن و دواتر راستەوخۆ، کار بەئەنجامی راپرسییەکە بکرێت وەکو ئەوەی لەتەیمووری خۆرهەڵات ئەنجامدراو، ئەو ریفراندۆمەی کەبریارە لەبیابانی گەورە لەمەراکیش ئەنجام بدرێت.

٤–لیژنەکە هەوڵی ئەوە بدات پێش هەر کارێک سنووری کوردستان و ئەو ناوچانەی کەریفراندۆمەکە دەیانگرێتەوە دیاری بکات، چونکە هەر ناوچەیەک ریفراندۆمەکە نەیگرێتەوە، ناتوانرێت سبەی رۆژ باس لەکوردستانی بوونی بکرێت بەتایبەتی شاری کەرکوک.

٥–وەکو ئاماژەم بۆکرد، پێویستە لیژنەکە خۆی پرۆسەی ریفراندۆمەکە ئەنجام نەدات، بەڵکو تەنها وەکو لیژنەیەکی داواکار بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم خۆی وەسف بکات، چونکە بە (لۆکاڵ) ئەنجامدانی ئەو راپرسییەو ئەنجامەکانی، راستگۆیی کورد لەبەرامبەر ئەمریکاو دراوسێکاندا دەخاتە بەردەم گومانەوەو دەبێتە مایەی ورووژاندنیان، ئەوە سەرەرای ئەوەی کەئەنجامەکانی هەرچۆنێک بێت لەبەرئەوەی هێزی یاسایی نێودەوڵەتی نییەو لەژێر سەرپەرشتی لیژنەیەکی نێودەوڵەتیدا ئەنجام نەدراوە، ناتوانرێت بە (ئیلزام) ی دابنرێت و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاو پابەندی جێبەجێکردنی بکات.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.